نێچیرڤان بارزانی و مەزڕوم عەبدی کێبونەوە

سەرکایەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، نێچیرڤان بارزانی پێشوازیی لە جەنەڕاڵ مەزڕوم عەبدی کرد و جەختیان لەسەر گرنگیی هاوبەشی و بەشداریی کورد و تەواوی پێکهاتەکانی سوریا لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەدا و مسۆگەرکردنی مافەکانی هەمووان کردەوە، هاوڕا بون لەسەر کاری هاوبەش و پێکەوەیی لەنێو پێکهاتەکانی سوریادا بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری و بەرەنگاربونەوەی مەترسی و ئاڵنگاریيەکان.

سەرکایەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکدا باسی لەوەکردوە، شەوی ڕابردو لە هۆڵێر نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە جەنەڕاڵ مەزڕوم عەبدی، فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) کرد، لە کێبونەوەیەکدا دوایین پێشهاتەکانی دۆخی سوریا و پەیوەندییەکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و لایەنە سیاسییە کوردییەکان لە سوریا لەگەڵ حکومەتی سوریا تاوتوێ کران و دەربارەی مەترسییەکانی تیرۆر و بەرەنگاربونەوەی هەڕەشەکانی داعش، بیرۆڕایان گۆڕیەوە.

ئاماژەی بەوەشکراوە، هەردولا جەختیان لەسەر گرنگیی هاوبەشی و بەشداریی کورد و تەواوی

پێکهاتەکانی سوریا لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەدا و مسۆگەرکردنی مافەکانی هەمووان کردەوە، هاوکات لەسەر کاری هاوبەش و پێکەوەیی لەنێو پێکهاتەکانی سوریادا بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری و بەرەنگاربونەوەی مەترسی و ئاڵنگاریيەکان.

لە هاگەیەندراوەکەدا هاتوە، پێویستیی یەکگیزی و تەبایی لەنێو هێز و لایەنە کوردییەکانی سوریادا وەک گارانتییەک بۆ بەدیهێنانی داوا و مافە هەواکانی کورد لەو وڵاتە، دژی کامپی هێ و ێی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە سوریا بۆ ەوبەڕێوبونەوەی داعش، تەوەرکی دیکەی کۆبونەوەکە بو.